# عێراقی پاش تۆمارە دەنگییە دزەپێکراوەکان

19-07-2022

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** پێشهاتەکانی دوای بڵاوبوونەوەی تۆمارە دەنگییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاڵۆزییەکانی نێو ماڵی شیعە

لەپاش بڵاوکردنەوەی سێ بەشی یەکەمی تۆمارە دەنگییە دزەپێکراوەکانی نوری مالیکی، هەموولایەك چاوەڕێی کاردانەوەی سەدر بوون کە مالکیش لە پاشەملەوە هێرشی زۆری کردبووە سەری و تانەوتەشەری زۆری لێ دابوو، بەڵام ئەو لایەنگرانی خۆی ئاراستەکرد بۆ ئەوەی لە خەمی ڕێکخستنی نوێژی هەینیدا بن (15ی تەمموز) و گوێی پێ نەدەن. چونکە بە گوتەی خۆی ئەوان "هیچ بەهایەك بۆ مالیکی دانانێن"!، بەڵام چەند ڕۆژێك دواتر، سەدر لە پڕێکدا بیری کەوتەوە کە دەکرێت بەم تۆمارانە مالیکی گەمارۆ بدرێت. بۆیە لەسەر نەرێتی خۆی لەڕێگەی پەیامێکی تویتەرییەوە نەخشەیەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی مالیکی ڕاگەیاند. لە پەیامەکەی سەدردا کە رووی لە حیزبی دەعوە و لایەنە شیعەکانە و لەڕێگەی ئەوانیشەوە مالیکی، هەم گلەیی و هەم سووکایەتی لە قاڵبی ئامۆژگاری هەیە و هەم هەڕەشەی قورسیش هەن. خاڵەکانیشی بە پلەبەندی و زیرەکانە چنراون و لە کاتێکدان کە مالیکی لە کێبڕکێی کورسی سەرۆکایەتی وەزیراندایە.

## هەندێك نهێنی مەرسیدار

تۆمارەکانی سەرەتا تەنها هێرش و پەلاماری بۆسەر کەسایەتی سەدر تێدابوو، لەگەڵ کولاندنەوەی کۆمەڵێك برینی ساڵی 2008 و هەندێك ناو وناتۆرەی خراپ، بەڵام لە تۆماری چوارەم و پێنجەمدا، پەردە لەسەر هەندێك نهێنی مەترسیدار هەڵماڵراوە کە نەك تەنیا سەدر، بەڵکە هەموو پێکهاتەی شیعە و لایەنە عێراقییەکانی دیکە تووشی سەرسامی دەکات. مالیکی نایشارێتەوە کە هێزی تایبەتی لە عەشیرەتەکەی دروستکردووە بۆ ئەگەری هێرش کردنە سەر موقتەدا سەدر لە نەجەف. لەگەڵ سەرانی چەند گرووپێکی چەکداریشدا (أئمة البقیع) و (أمة الأخیار) باس لەوە دەکەن کە شکۆ بۆ مەزهەب و تایفەی شیعە بگەڕێننەوە. هەروەها گەڕانەوەی مالیکی پێویستی بە خوێن ڕشتن هەیە، ناوی مەرجەعێکی نەناسراویش دەهێنن بەناوی "میرزا حائیری" کە فەتوای ئامادەی لەوبارەیەوە هەیە و دەکرێت هاوکاریان بێت. هەرچەندە مالیکی زۆر بەشداری لەم قسانەدا ناکات لە تۆمارەکەدا، بەڵام نکوڵیشیان لێ ناکات و لە کۆتایی قسەکاندا "دۆعای خێر" یان بۆ دەکات.

## هەوڵی هێورکردنەوە

هێشتا بەشێك لە تۆمارە دەنگییەکان ماون بڵاوبکرێنەوە، باس لەوەش دەکرێت تۆماری تری ڤیدیۆیی هەن و لە داهاتوو دەردەکەون، بەڵام ئەو پێنج بەشە کورتەی لەبەردەستدان، هەموو ڕێسا باوە ناسراوەکانی ناو ماڵی شیعەیان لەرزاندووە و دۆخێکی ئەوتۆیان دروستکردووە کە هەمووان هەر ئەوەیان پێ دەکرێت ڕۆڵی ئاگرکوژێنەوە ببینن، بەبێ ئەوەی زاتی ئەوە بکەن بچنە باسکردنی ناوەڕۆکی تۆمەت و قسەو باسەکان. لە ناوبژیوانییەکانیشدا جگە لە نەجەف باس لە خەڵکانی کاریگەری لوبنان و هەندێك لە سەرۆك هۆزەکانیش هەیە.

پلانی مالیکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تۆمارەکان ڕەتکردنەوە و بانگەشەکردنی ساختەکردنیان بوو، بەڵام پاش بەدوایەکداهاتنی بڵاوکردنەوەکانیان و سەلماندنیان لەلایەن سەدرەوە، کۆتایی بەو بەرگرییە لاوازە هێنا. لە ئێستاشدا مالیکی جگە لە سەدر، لەگەڵ کۆمەڵێك بەرەی دیکەشدا ڕووبەڕوو بووەتەوە، لەوانەش بەدر کە تۆمەتباری کردوون بەوەی چەکدارەکانیان بندیوارن، حەشد کە گوتوویەتی "ترسنۆکن و جێگەی متمانە نین"، یان خەریکی مەزرعە و خانووکڕین و پارە ماشینەوەن، سوننەکان و بارزانی کە بە لێکدانەوەی ئەو "پلانگێڕن و دژی شیعەن"، تاقە کەسێکیش کە لە فلتەری ئەو دەرچووبێت لە تۆمارەکاندا، قەیس خەزعەلی ئەمینداری عەسایب و ئەبو ئالائی وەلائییە کە بە گوتەی ئەو "پیاوی باشن" چونکە "دژە سەدرن" لەگەڵ ئاشکراکردنی ئەوەی کە گرووپەکانی دیکەی "مقاومە" ی حەشد کە بە گوتەی ئەو ڕاستەوخۆ فەرمان لە سوپای پاسدارانی ئێرانەوە وەردەگرن.

## قۆناغی پاش دزەکردنی تۆمارەکان

ئەم تۆمارە لە مەودای نزیکدا دەشێت چانسی مالیکی بۆ سەرۆکایەتی وەزیران نزیك بکاتەوە لە سفر، چونکە زیاتر وەك کەسێکی شەڕەنگێزی داخ لەدڵ دەردەکەوێت کە هەموو ئیش و کاری کنەکردنە لەدەوڵەت لەڕێگەی دروستکردنی گرووپی خوێناوی و ترسناکەوە، جگە لەوەش بەئەگەری زۆر ڕێگە سیاسی و سەرمایە مەعنەوییە "دەوڵەتمەدارییەکەی" دەخاتە بەردەم ڕەشەبا و ئەگەری نادیار، بەتایبەت پاش بانگەوازی سەدرییەکان بۆ ئەوەی خۆی ڕادەستی دادگا بکات، یان بە گوتەی موقتەدا سەدر خۆی بداتە لایەك و تۆبە بکات.

بەر لە بڵاوبوونەوەی تۆمارە دەنگییەکان، بارودۆخی ناوخۆیی چوارچێوەی هاوئاهەنگی هەر باش نەبوو، چونکە لەپاش چوونە دەرەوەی سەدر لە پەرلەمان، هاندەریان نەما بۆ یەکدەنگی، لەسەر سەرۆکایەتی وەزیران و جێگەکەی حاکم زاملیش کەوتنە قۆڵ بادان لە یەکتری. کە تۆمارەکانیشی بەسەردا هات، شۆکێکی وەها گەورە دروستبوو کە هەموو هیواو ئاواتەکان چڕبوونەوە لە ڕێگەگرتن لە پێکدادانی

شیعە _ شیعە، بەتایبەت کە جەماوەری موقتەدا سەدر عەقیدەیی و دڵ گەرمن، لە بنەڕەتیشدا دڵشکاوی کشانەوەی لیستەکەیانن لە پەرلەمان و ئەمەش وەك دەرچەیەك بۆ خۆ بەتاڵکردنەوەیان وایە.

## لێکەوتەی تۆمارەکان

ڕەنگە ناونیشانی سەرەکیی قۆناغی پاش بڵاوبوونەوەی تۆمارە دەنگییەکان، جگە لە قوڵبوونەوەی زیاتری درز و دوژمنایەتی نێوان سەدر و مالیکی، دردۆنگی و بێ متمانەیی و سڵکردنەوە بێت لەهەموو شت، چ لەنێوان بەرەی مالیکی و پێکهاتەکان، یان لەنێوان لایەنە سەرەکییەکانی شیعە کە تۆمارەکان نهێنییەکان، شەڕەقۆچ و سەودا و مامەڵەی ژێر پەردەی ئەوانی لەسەر پێگەو دەسکەوت ئاشکرا کردن.

ئەوانەی داوای هێورکردنەوە و دان بەخۆداگرتن دەکەن، چارەیەکیان پێ نییە بۆ دامرکاندنەوەی ڕق و تووڕەیی و لە هەمان کاتدا مەترسی سەدرییەکان کە قوڵپ دەدات. تەنانەت بە داوکاری پۆزش هێنانەوەی مالیکیش بێت لە هێرش و هەڕەشەکان. حیزبی دەعوەش کە بنکە و قەڵای سیاسی پاراستنی مالیکییە بە پاساوی جۆراوجۆر خۆی لە هەرچەشنە بەرپرسیارێتییەك لادا کە تۆزێك سەدرییەکان قایل بکات، لە بەرامبەریشدا سەدر ڕێگای دیکەی نییە جگە لە بەرەنگاربوونەوە نەبێت، بۆیە لە ئێستادا هەوڵدەدات ڕەوشەکە بە ئاراستەی گەمارۆدانی سیاسی و عەشایەرییانەی مالیکدا ببات تارادەی سووتاندنی کارتەکانی، ئەگەر ئەمەشی بۆ نەچێتە سەر ئەوە هەموو ڕێگاکانی دەچنەوە سەر گرژی و پێکدادان، بەڵام مەرج نییە سەرانسەری و درێژخایەن بێت بەڵکو لەوانەیە سروشتی پەرچەکردارەکان بریتی بێت لە تۆڵەیەکی سنووردار.

## هەندێك ڕاستی دیکە

لەسەر ئاستە گشتییەکە تۆمارەکان شڵۆقی پەیکەرە ئەمنی و دەزگا عێراقییەکانیان ئاشکرا کرد، ئەوەشیان دەرخست لەناو دەوڵەتی قووڵی حەشد و گرووپە چەکدارەکانیشدا دەوڵەتی دیکەی قووڵ و موفتیی خوێن ئامادەییان هەیە. جەمسەرە ناکۆکەکانی شیعەش گەیشتوونەتە قۆناغێکی ترسناك لە پاکتاوکردن، ئەمەش هەموو ئەو بانگەشانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە لەسەر نیشتمانی بوونی حەشد و بەرەو دامەزراوەیی ڕۆیشتنی هەن. ڕاستییەکی تاڵیش ئاشکرا دەکات کە هاوکێشەی هێز لەسەر پارە و چەك و فەتوا بنەڕەتە نەك دەستوور و یاسا و سازان و هاوسەنگی.

> پاش کۆتاییهاتنی مۆڵەتە یەك مانگییەکەی سەدر بەبێ ئەنجام، چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە و موقتەدا سەدری ڕێبەری گەورەترین فراکسیۆنی براوەی پەرلەمان، هەریەکەو دەستپێشخەرییەکیان فڕێدایە گۆڕەپانی سیاسی بۆ کردنەوەی گرێکوێرەی سیاسی. هەڵبەت هێشتا هیچیان گۆمی مەنگی سیاسی عێراقیان نەشڵەقاندوە.

بۆ چارەسەری گرژییەکەش هەر کارەکتەرە ئایینی و عەشایەری و دەرەکییەکان لەسەر خەتن بۆ ڕێگرتن لە شەڕی خوێناوی شیعە کە پاش کۆتاییهاتنی شەڕی تایفی ڕکابەرەکانیان (سوننەکان) و پاش بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر (قاعیدە و داعش) وا لە لێواری پاکتاوکردنی ناوخۆیی و بەریەککەوتندان.

## قووڵبوونەوەی قەیرانی حکومەت

لەپاش تۆمارە دەنگییەکان، هاوپەیمانەکانی مالیکی لە چوارچێوەی هاوئاهەنگی لە دۆخێکی سەخت و دژواردان، یان دەبێت سەرکۆنەی ڕاگری هاوپەیمانییەکەیان و مامۆستا سیاسییەکەیان بکەن، یان بێدەنگ بن لە داوکارییەکەی سەدر و تا کۆتایی لە پشتیوانی مالیکی بەردەوام بن و هێندەی تر شیعە پەرت بکەن. لەو تەنگەتاوی و مقۆمقۆیەشی کە دروستبووە، ڕەنگە پێکهێنانی حکومەتی نوێ و بودجە لەسەردەمی گرانییەکی بێوێنەی جیهانیدا، لە داوێنی هەرە خوارەوەی گرنگیپێدانەکان بن و بەمەش ڕۆژ بەڕۆژ ئەو وێنەیە لەسەر عێراق تۆخ دەبێتەوە کە نە بەتەواوی دادەڕمێ و لەبەریەك هەڵدەوەشێ، نە گەشە دەکات و بەرەوپێش دەڕوات. چارەنوسیشی وایە کە ڕۆژانە لەگەڵ شکست و گورزی ناخۆشدا لە چنگەکرێدا بێت.